# بابەت : ڕێزمانی فێرکاری

٢٠٢٣ - ٢٠٢٢

## کورتەیەك لە بارەی زمان و ئاستەکانی زمان

### زمان

زمان گرنگترین و سەرەکیترین تایبەتییە کە مرۆڤ لە زیندەوەرەکانیتر جیادەکاتەوە.

کردەی سەرەکی زمان دەربڕینە لە هەست و سۆز و گەیاندنی زانیاری لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر.

زمان بەردی بناغەی کۆمەڵە. بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەلأیەتی بەکاردێت.

### پێناسەکانی زمان

**هنری سویت دەڵێت :** زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای دەنگ کە لە وشە پێکدێت.

**چۆمسکی دەلێت:** زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات.

**مارتینیت دەڵێت:** زمان هۆیەکە بۆ لە یەکتر گەیشتن، دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم) ئەو دانانەش خاوەنی واتایی خۆیانن.

**بلۆك و تراگەر دەڵێن:** زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە،کە دەتوانرێت بۆ لە یەکترگەیشتن بەکاربێت.

**ساپیر دەلێت:** زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بە کار دێت و بە هۆی ڕەمزی لە سەر یاسا ڕۆشتووە وە کاردەکات و لە ژێر دەسەلأتی مرۆڤ دایە.

## ئاستەکانی زمان

١- دەنگسازی ← فۆنەتیك / فۆنۆلۆجی

٢- رێزمان ← مۆرفۆلۆجی / سینتاکس

٣- واتا ← سیمانتیك / پراگماتیك

## ئاستەکانی زمان

زمان لە سێ ئاست پێکهاتووە کە بریتییە لە:

**١- دەنگسازی :**

أ- دەنگسازی گشتی (فۆنەتیك): زانستێکە لێکولینەوە لە چونیەتی دروستبونی دەنگەکان دەکات بە شێوەیەکی گشتی وەکو (دروست کردن و گواستن و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان).

ب- دەنگسازی تایبەتی (فۆنۆلۆجی): زانستێکە لێکولینەوە لە فۆنۆلۆجی زمانێکی دیاریکراو دەکات وەکو (ژمارەی فۆنیمەکان، دروستکردنی برگە و گورانە دەنگسازییەکانی دەنگ...هتد).

**٢- رێزمان :**

أ- مۆرفۆلۆجی:زانستێکە لێکولینەوە لە پێکهاتی ناوەوەی وشە دەکولێتەوە :

گوڵەکان      گوڵ + ەك + ان

مۆرفیم : بچووکترین دانەی واتاداری زمانە.

**دوو جۆری مۆرفیم هەیە:**

١- مۆرفیمی سەربەخۆ : ئەم مۆرفیمانەن کە بە تەنیا واتا دەبەخشن وەك: جوان.

٢- مۆرفیمی بەند : ئەم مۆرفیمانە سەربەخۆ نین و بە ووشەی ترەوە دەلکێن و بە تەنیا هیچ واتایەك نابەخشن، و دەبێتە دوو جۆر:

أ- مۆرفیمی دارشتن وەکو: ئاسنگەر

ب- مۆرفیمی ڕێزمانی وەکو: گوڵەکان

ب- ڕستە سازی : لێکۆلینەوە لە ریزکردنی کەرە ستەکان دەکات وەکو :

بکه ر+کار

نه سرین هات

بکەر + بەرکار + کار

ئازاد + سێو + دەخوات

**٣- واتا :**

أ- سیمانتیك:،لێكولێینەوە لە واتای فەرهەنگی وشە و ڕستە دەكات .

ب- پڕاگماتیك: لێكدانەوەی واتایە لە دەوروبەری گوتندا (واتای شاراوەی وشە یان ڕستە)

وەکو : یەکێك بڵێت : دەنگی زەنگی دەرگایە

کەسێکی تر لە ولامدانەوە بڵێت : من دەخینمەوە ← من دەخینمەوە: بە واتای (سیمانتیك) دێت

↓ ناچم خۆت برو. بە واتای(پڕاگماتیك) دێت

# بەشەکانی ئاخاوتن

سەرەتای پەیدابوونی بەشەکانی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتوون،واتە ئەفلاتوون یەکەم کەس بوو بەشەکانی ئاخاوتنی دۆزییەوە،کە ئەوکات پێیان دەوت (بەشەکانی وشە)و ئەرستۆ هەروەها رۆمانەکانیش لێکۆڵینەوەی زیاتریان لە بەشەکانی ئاخاوتن کرد و چەندین لقیان دۆزییەوە تاوەکو گەیشت بەوەی ئێستا کەلەبەر دەستدایە.

**قوتابخانەی زمانەوانی ئەمەریکی و ئینگلیزی (نوێگەری):**

١- ناو

٢- جێناو

٣-ئاوەڵناو

٤-کار

٥-ئاوەڵکار

٦- ئامراز

# ناو

**پێناسینی ناو:** بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن ،ئەو وشەیەیە کە ناوی گیانداریێك یان بێگیانێك یان بیرێك یان ڕووداوێك دیاری دەکات،وەک (ژن، ئازاد ، ئەسپ ، کۆتر...، بەرد، چیا، گوڵ ... خەم، بڕوا، منداڵی... درومان، خۆاردن، سوتان...هتد ) کە دەبێتە هۆی دیاری کردنی یان پێناسینی شتەکە کە بۆی دانراوە، چونکە هەر ناوێک بۆ شتێک دانراوە، کە دەیناسێنێت. کەواتە هەموو شتەکانی دەوروبەرمان دەبێت ناویان هەبێت

## پۆلێنکردنەکانی ناو

١ ـ ناو لە ڕووی ژمارەوە

٢ـ ناو لە ڕووی ناسینەوە

٣ ـ ناو لە ڕووی هەبوونەوە

٤ـ ناو لە ڕووی ناوەرۆکەوە

٥ـ ناو لە ڕووی پێکهاتنەوە

٦ـ ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە

٧- ناو لە ڕووی ئەرکەوە

## ناو لە ڕووی ژمارەوە

**أـ ناوی تاك:** ئەو ناوەیە کە تەنیا کەسێک یان شتێک نیشان دەدات ، واتە وشەیەکە بۆ تاکە کەسێك یان بۆ تاکە شتێك بەکاردێت. وەکو: (کوڕ، کچ، ژن، چەقۆ، چرا... هتد ).

**ب ـ ناوی کۆ:** بەو ناوانە یان وشانە دەوترێ کە بۆ کۆمەڵە کەسێك یاخود کۆمەڵە شتێك بەکاردێن، کە لە دوو شت یان دوو کەس زیاتربێ . لە زمانی کوردیدا بە هۆی نیشانەی تایبەتییەوە ناوێك لە تاکەوە دەگۆڕدرێ بۆ کۆ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- **به هۆی نیشانەی سەرەکی (ان)، که له زمانی کوردیدا نیشانەی سەرەکی کۆیه ،دەچێته سەر بەشی دواوەی ناو، له کاتی وەرگرتنی نیشانەی کۆدا ئەگەر ناوەکه به پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوا هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵکو وەك خۆی دەنووسرێ، وەکو:.**

**کوڕ+ ان ................. کوڕان کچ + ان ................. کچان**

**بەڵام ئەگەر ناوەکه کۆتایی به پیتی بزوێن هاتبوو، ئەوا گۆڕانکاری بەسەردادێ، واته له هەندێ حاڵەتدا پیتی (ی) نەبزوێن دێته نێوان ناوەکه و نیشانه کۆیەکەوه و، له هەندێ حاڵەتی تردا (ە) تێ دەچێت، هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە: مامۆستا + ان ......... مامۆستایان**

**قوتابخانه + ان ......... قوتابخانان**

**زۆرجار لەکاتی کۆکردنەوەی ناوەکان لەزمانی کوردیدا پێش کۆکردنەوەیان ناسراو دەکرین وەکو : شارە+ەکە+ان باخ +ەکە+ان**

**٢-بەهۆی نیشانەی ناسەرەکی نیشانەکانی (ات، هات، جات وات، گەل، ەها) ،وەکو نیشانەی ناسەرەکی دەچنە سەر ناو و له تاکەوه دەیگۆڕن بۆ کۆ. هەر بۆیەش پێی دەوترێ نیشانەی ناسەرەکی، چونکه ئەم نیشانانه دەچنه سەر چەند ناوێکی دیاریکراو له زماندا، هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:**

- **باخ + ات ............. باخات**
- **دێ + هات ............ دێهات**
- **سەوزە + وات .......... سەوزەوات**
- **میوە + جات .......... میوەجات**
- **مێ + گەل ............. مێگەل**
- **جار + ەها ............. جارەها**

## ناو لەروی ناسینەوی

**أ. ناوی ناسراو**: لە زمانی کوردیدا بە چەندین شێوە ناو دەبێتە ناسراو:

**بەهۆی نیشانەی (ەکە) یان هەندێ جار زیاتر لە بابەتی ئەدەبیدا بە نیشانەی (ە) ناو دەبێتە ناسراو ئەمەش زیاتر بەمەبەستی جوانکاری ئەم نیشانەیە دەچێتە سەر بەشی دواوەی ناو و لە نەناسراوەوە دەیکات بە ناسراو، وەکو:.**

**کوڕ + ەکە .......... کوڕەکە**

**چرا + ەکە ......... چراکە (بە تێچوونی بزوێن)**

**چرا + ەکە ........ چراکە یان چرایەکە (پەیدابوونی نەبزوێن (نیمچە بزوین)).**

**ب . ناوی نەناسراو**: **نیشانەی نەناسیاوی ئەو نیشانەیەیە ، کە بەدوای ناو یان ئاوەڵناوەوە دەلکێنرێت بۆ ئەوەی بکرێ بە نەناسیاو. نیشانەی نەناسراویش (یێ، ێك، ەك)ە، کە دەچێتە بەشی دواوەی ناوەکە، هەندێ جارێش بە بێ نیشانە ناوەکە خۆی نەناسراوە.**

**کوڕ + ێك ، ەك ............... کوڕێك، کوڕەك**

**چرا + ەك، یێ، ێك .............. چرایەك، چراییێ، چراییێك**

## ناو لەروی هەبوونەوە

**١. ناوی ماددی**: **بەو ناوانە دەوترێت کە بوونێکی سەربەخۆ و واقیعیان هەیە کە زیاتر بەر هەستی بەرکەوتن دەکەون .بۆنموونە**

**دار، پەنجەرە، کورسی، مێز...**

**٢ . ناوی واتایی (مەعنەوی)**: **ناوێکە خۆی لەخۆیدا بوونی سەربەخۆی نییە، بەڵکو لە هزر و خەیاڵدا پەیدا دەبێت و بەر هیچ یەکێك لە هەستەکانی مرۆۆ ناکەوێت، کە دەکرێت بەدوو جۆر:.**

**أ. ناوی واتایی بنجی**: **هەر خۆی لەبنەڕەتدا ناوێکی واتاییە و بۆ ئەم مەبەستە دانراون، وەکو: شەرم، هێز، خەم، خەو، ڕەنج، جەنگ،دەروون ،گیان،هۆش،بڕوا...هتد.**

**ب . ناوی واتایی نابنجی**: ئەو ناوانە لەبنەڕەتدا مادین، بەڵام بەهۆی پاشگرەوە دەبنە ناوی واتایی، کە بەم جۆرە دێتە دروستکردن:.

**ناو+ پاشگرەکانی (ی، ەتی، یەتی، ایەتی، ێتی، ینی، اتی، یی....هتد)=ناوی واتایی نابنجی**

**برا + یەتی = برایەتی پیاو+ ەتی = پیاوەتی**

## *ناو لەروی ناوەرۆکەوە:*

١- **ناوی تایبەتی** : بەو ناوە دەوترێت کەبەسەر گیاندارێك یان بێ گیانێکی دیاریکراو دابڕاوبێ، زمانی کوردیش هەروەکو زمانانی تریش بەشێکی زۆری ناوی تایبەتی ناوی مرۆڤە وەکو نەسرین، شیرین، هیوا، دلێر... هتد.

٢- ناوی گشتی : بەو ناوە دەوترێت کە بەسەر ئەو گیاندارو بێ گیان و بیر و کارانەدا دابڕاوە، کە خاوەنی یەك ڕەگەز و یەك پۆلن، وەکو ناوی کەسانی(دایك، باوك، کچ، کوڕ... هتد )، ناوی گیاندار و باڵندە (شێر، ئەسپ، کۆتر، بولبول، کەو... ) ناوی شت (دار، بەرد، خانوو، ڕوبار، چیا... ) ناوی بیر و ومەفهوم و کار ( بڕوا، هێز، شەرم، جوانی...)

ڕوباری فوڕات لە عێراقدایە.

ناوی گشتی ناوی تایبەتی

٣-**ناوی کۆمەڵ**: بەو ناوانە دەوترێت کە لە ڕواڵەتدا تاکن، بەڵام لە ناوەرۆکدا کۆن.

نموونە// هۆز، عەشیرەت، لەشکر، چین، توێژ، دەستە، گروپ....

## ناو لەروی پێکهاتنەوە

**١- ناوی سادە:** لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە، بە مەرجێ ئەم وشەیە ناو بێت، وەکو:

ئازاد، ڕزگار، دار، بەرد، چاو، کەو،...هتد.

٢- ناوی دارِژاو: بەو ناوانە دەوترێت، کە لە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێك یاخود پاشگرێك یاخود هەردووکیان پێك دێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

ناوی سادە + پاشگر (گەر، دار، ساز، چی، باز، کەر، مەند،...هتد)

**٣- ناوی لێکدراو:-** بەو وشانە دەوترێت، کە لەدوو وشەی واتاداری سەربەخۆ یان زیاتر پێك دێت، بەم شێوەیە: وەکو: شاسوار، پیرەمێر

## ناو لەروی ڕەگەزەوە

**ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە ، بۆ(نێر، مێ، دوولایەن،بێلایەن ) دابەشدەکرێ ، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ناوی نێر:** بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ ڕەگەزی نێر بەکا ردێن :

ناوی تایبەتی پیاوان: ئازاد، شێرزاد، محەمەد... هتد.

ناوی کەسانی نێر : باوك، خاڵ، مام ..هتد.

ناوی گیانلەبەری نێر : کەڵەشێر، هەسپ، هتد.

ناوی پیشەی پیاوان: نانەوا، فیتەر، گۆشت فرۆش، خزمەتکار، گاوان......هتد.

**ناوی مێ:** بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێن :

ناوی تایبەتی کچان: سۆزان، نێرگز، نەمام...هتد.

**ناوی کەسانی مێ : دایك، خاڵۆژن، مامۆژن...هتد.**

**ناوی گیانلەبەری مێ: مریشك، ماین،...هتد.**

**ناوی پیشەی کچان: جلشۆر، نانکەر، تەشی ڕێس،...هتد.**

**ناوی دوولایەن: بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێن.**

**وەك// قوتابی، مامۆستا، ئامۆزا، کەو، ورچ، سەگ...هتد.**

**ناوی بێلایەن: بەو ناوانە دەوترێت کە ڕەگەزی نێر و مێی تێدا نییە**

**وەك// دار، بەرد، کورسی، مێز....**

**ناو لەرووی ئەرکەوە :**

**بکەر: ناو کاتێ ئەرکی بکەر دەبینێ، ئەگەر کارێك ئەنجام بدات، چونکە بکەر کەسێکە یان شتێکە ،هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارێك یاخود تەنها شوێنی بکەرەکە لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە، وەکو شێرزاد چوو بۆ بازاڕ.**

**نیهاد : ئەرکێکە لە ئەرکەکانی ناو، وشەیەکە ڕوودانی کارەکە ئەنجام نادات، بەڵکو زیاتر سیفەتێکە دەدرێتە پاڵی. نیهاد کاتێك لە ڕستەدا دەبێت، ئەگەر کاری ناتەواو لە ڕستەکەدا هەبێت.**

**گوزارە**: شتێکە دەدرێتە پاڵ نیهاد، گوزارە هەمیشە کارێکی ناتەواوی لەگەڵدا دێت، واتە دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

نموونە// قوتابییەکە زیرەکە. کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا

نیهاد گوزارە

**بەرکای ڕاستەوخۆ**: ناو کاتێك ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت، ئەگەر هاتوو کاری تێپەڕ لە ڕستەکەدا هەبێت.

نموونە// ئــــازاد نامەکەی هێنا

تریفە نـانـی خـوارد.

بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

**بەرکاری ناڕاستەوخۆ**: ناو کاتێك لە ڕستەدا ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت، ئەگەر یەکێك لە پێشبەندەکانی(بە، لە، بۆ) لەپێش بێت. نموونە// شیلان چــوو بـــۆ بــــازاڕ.

پێشبەند بەرکاری ناڕاستەوخۆ

# جێناو

**له زمانی كوردیدا جگه له زاراوەی جێناو، هەندێ جار زاراوەكانی (ڕاناو، جێناڤ، ڕاناڤـ ....هتد) بەكاردێت، كه هەر هەموویان هەمان مەبەست دەگەیەنن.**

**جێناو لەدوای ناو وەك بەشێك له بەشەكانی ئاخاوتن دێت، كه له جێی ناوی كەسێك یان شتێك دێت، واته دەبێته جێگرەوەی ناو ، هەیانه وەكو وشه سەربەخۆیه (جیناوەسەربەخۆكان، جێناوی نادیار و چەندیتی ...هتد) هەشیانه سەربەخۆ نییه و لكاوه وەكو جیناوه كەسییه لكاوەكان .**

**یەكەم : جێناو له ڕووی واتاوه**

**١- جێناوی كەسی**

**٢.جێناوی نیشانه**

**٣. جێناوی خۆیی**

**٤.جێناوی هەیی**

**٥- جێناوی نەرێنی (نەفی):**

**٦-جێناوی چەندێتی:**

**٧- جێناوی دیار**

**٨- جێناوی نادیار**

**٩- جێناوی پرسیاری**

**دووەم : جێناو له ڕووی ئەركەوه**

**جێناو لە ڕووی واتاوە**

**یەکەم/جێناوی کەسی: ئەو جیناوانەن** لەبری کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم کە ئەوانیش قسەکەرو گوێگرو نائامادە دەگرێتەوە،  دوو جۆرن

١-جێناوی کەسی سەربەخۆ: ئەو جێناوانە دەگرێتەوە ، کە لەڕواڵەتدا سەربەخۆن و لەبری کەسی یەکەم و دووەم وسێیەم بەکار دێن، هەروەها واتای کەسەکە یان کەسەکان نیشان دەدەن و پەیوەندییان بەکەسانی دیکەوە ڕوون دەکەنەوە. بەم شێوەیە:

من      ئێمە

تۆ      ئێوە

ئەو      ئەوان

**جێناوە سەربەخۆکان**

**١- (من) بۆ کەسی یەکەمی تاك ئەو کەسەی ئەدوێ**

**٢- (تۆ) بۆ کەسی دووەمی تاك  ئەو کەسەی ئەی دوێنن**

**٣-(ئەو) بۆ کەسی سێیەمی تاك ئەوکەسەی لێی ئەدوێن.**

**٤-(ئێمە)بۆ کەسی یەکەمی کۆ ئەو کەسانەی ئەدوێن**

**٥-(ئێوە)بۆ کەسی دووەمی کۆ ئەو کەسانەی ئەیان دوێنن**

**٦-(ئەوان)بۆ کەسی سێیەمی کۆ ئەو کەسانەی لێیان ئەدوێن**

| کەسەکان | | تاک | کۆ |
|---|---|---|---|
| قسەکەر | یەکەم | من | ئێمە |
| گوێگر | دووەم | تۆ | ئێوە |
| نائامادە | سێیەم | ئەو | ئەوان |

**من دەچم بۆ زانکۆ.** **ئێمە دەچین بۆ زانکۆ.**

**تۆ دەچی بۆ زانکۆ.** **ئێوە دەچن بۆ زانکۆ.**

**ئەو دەچێت بۆ زانکۆ.** **ئەوان دەچن بۆ زانکۆ.**

**٢- جێناوی کەسی لکاو: بەو جێناوانە دەوترێت ، کە لە ڕواڵەتدا سەربەخۆ نین، بەڵکو بەشێوەیەکی لکاو بە وشەیەك (کارێك یان ناوێك یان ئاوەڵناوێك یان ئاوەڵکارێك یان جێناوێکی سەربەخۆ، یان بەئامرازەوە دەلکێن). ئەم جێناوانە لە ئاخاوتن و نووسیندا شوێن و جێگەی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان دەگرنەوە هەروەها بە تەنیا هیچ مەبەستێك نە لە ئاخاوتن و نە لەنووسیندا بەدەستەوە نادەن، بەڵام کە لکان بە وشەکانی پێش خۆیانەوە، ئینجا مەبەست دەدەن . جێناوە لکاوەکان لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا سێ کۆمەڵەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**کۆمەڵەی یەکەم: ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ کاری ڕابوردووی تێپەڕدا بەکاردێت. (م مان، ت تان، ی یان).**

| کەسەکان | | تاك | کۆ |
|---|---|---|---|
| قسەکەر | یەکەم | م | مان |
| گوێگر | دووەم | ت | تان |
| نائامادە | سێیەم | ی | یان |

**برد** **خوارد**

**بردم بردمان** **خواردم خواردمان**

**بردت بردتان** **خواردت خواردتان**

**بردی بردیان** **خواردی خوارد**

**کۆمەڵەی دووەم: ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ بەکاردێت. (م ین، یت ن، Ø ن ).**

| کەسەکان | | تاك | کۆ |
|---|---|---|---|
| قسەکەر | یەکەم | م | ین |
| گوێگر | دووەم | یت | ن |
| نائامادە | سێیەم | Ø | ن |

**هاتم هاتین** **کەوتم کەوتین**

**هاتیت هاتن** **کەوتیت کەوتن**

**هات هاتن** **کەوت کەوتن**

**کۆمەڵەی سێیەم:** ئەو کۆمەڵەیە لەگەڵ کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت. (م  ین، یت (ی)  ن،  ات (ا)، ێت (ێ)  ن).

| کۆ | تاک | کەسەکان | |
|---|---|---|---|
| ین | م | یەکەم | قسەکەر |
| ن | یت | دووەم | گوێگر |
| ن | ات،ێت | سێیەم | نائامادە |

دەچم  دەچین

دەچیت  دەچن

دەچێت  دەچن

دەخۆم  دەخۆین

دەخۆیت  دەخۆن

دەخوات  دەخۆن

| ژمارە | کەس | جێناوی جودا | جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تاك | یەکەم | من | م | م | م |
| | دووەم | تۆ | ت | یت | یت |
| | سێیەم | ئەو | ی | . (سفر) | ات، ێت |
| کۆ | یەکەم | ئێمە | مان | ین | ین |
| | دووەم | ئێوە | تان | ن | ن |
| | سێیەم | ئەوان | یان | ن | ن |

ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتە بزوێنەکانی (ە، ۆ) هاتبێ، ئەوا لەم حاڵەتەدا کەسی سێیەمی تاك (ات- ا) وەردەگرێ. لەم حاڵەتەشدا دوو گۆڕانکاری ڕوودەدات، یەکەکیان پیتی بزوێنی (ە) تێدەچێت، ئەوی تریان پیتی بزوێنی (ۆ) دەبێتە (و)ی نەبزوێن کە بۆ خۆی (نیمچە بزوێن)ە، ئەمیش بۆ ئاسانی دەربڕین، وەك

| چاوگ | ڕەگی کار | کاری ڕانەبوردوو |
| --- | --- | --- |
| خواردن | خۆ | دەخوات |
| کردن | کە | دەکات |

**جیاوازی کۆمەڵەی دووەم و کۆمەڵەی سێیەم لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت ، چونکە بۆ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ لە کەسی سێیەمی تاك ، جیناوی لکاو دەرناکەویت ، بەڵام بۆ کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ ، ئەوە جێناوەکانی ( ات (ا)، ێت (ێ)) وەردەگرێت .**

**دووەم / جێناوی نیشانە**: **بەو جێناوانە دەوترێت کە لە جێی ناوی کەسێك یان شتێك دادەنرێت و دەست نیشانی دەکەن،(بەهۆیەوە ناوەکە یان کەسەکە دەناسێنن) جێناوەکانی نیشانەش لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوەن:**

**ئەمە بۆ تاکی نێر و مێی نزیك بەکاردێ.**

**ئەوە بۆ تاکی نێر و مێی دوور بەکاردێ.**

**ئەمانە بۆ کۆی نێر و مێی نزیك بەکاردێ.**

**ئەوانە بۆ کۆی نێر و مێی دوور بەکاردێ.**

**ئەمە زیرەکە ئەمانە زیرەکن**

**ئەوە زیرەکە ئەوانە زیرەکن**

**هەندێکجار جێناوی نیشانە شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بە تایبەتی کاتێك لەگەڵ پێشبەندەکان یەك دەگرن. وەکو:-**

**لە + ئەمە = لەمە**

**به** + ئەوە = بەوە

**لە** + ئەمانە = لەمانە

**لە** + ئەوانە = لەوانە

**لەمەوە** بۆمان دەرکەوت.

جێناوی نیشانە

**لە** + **ئەمە** + **ەوە**

پێشبەند جێناوی نیشانە پاشگری دووبارە

**سێیەم/ جێناوی خۆیی:** جۆرێکە لەحۆرەکانی جێناو لەرووی واتاوە ، کە خاوەنییەتی و خاوەنداری دەگەیەنێت. فۆرمی سەرەکی جێناوی خۆیی لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا (خۆ) یە، کە بۆ هەر سێ کەسەکانی یەکەم (قسەکەر)، دووەم (گوێگر)، سێیەم (نائامادە) بەکاردێ، لەگەڵ کۆمەڵە جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم ؟! بەم شێوەیەی خوارەوە:

خۆم - خۆمان

خۆت - خۆتان

خۆی - خۆیان

**چوارەم /جێناوی هەیی:** جۆرێکە لە جۆرەکانی جێناو لە ڕووی واتاوە، کە واتای هەبوون یان خاوەندارێتی شتێك دەگەیەنێ، وەخاوەنەکەشی دەشێ ناوبێ یان جێناو و لەنێو ڕستەدا ئەرکی ناوەکە

**یان جێناوەکەی پێ دەسپێردرێ. لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا فۆرمی (هی) بۆ جێناوی هەیی بەکاردێن.وەکو:**

**پێنووسەکە هی تۆیە.        پێنوسەکە هی ئازادە.**

**پێنجەم / جێناوی پرسیاری: بەو جێناوانە دەوترێ کە پرسیار لە کەسێك یان شتێك یا کاتێك یاخود ڕووداوێك دەکەن. فۆرمی جێناوی پرسیاری بریتییە لە (کێ، کام، کامە، کامیان، کامەیان، بۆ، چەند، لەکوێ ... هتد). وەکو:**

**کێ نەهاتووە ؟                    کامە گوڵ جوانە**

**شەشەم / جێناوی چەندێتی: بەم جێناوانە دەوترێت کە ڕێژەی کەسەکان یاخود شتەکان دیاری دەکات و واتای چەندێتی و پرسیار دەبەخشێ. فۆرمەکانی جێناوی چەندێتی بریتییە لە (چەند، چەندە، چەندی، هێندە، هێندی، ئەوەندە، ئەمەندە .....)                              - ئەوەندەم ماوەتەوە.            چەندە ئەزیزە لەلام.**

**حەوتەم /جێناوی دیار: بەو جێناوانە دەوترێت کە ژمارەی کەسەکان یان شتەکان لە ڕستە و دەقدا دیاری دەکەن. بە واتایەکی تر ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە جێگەی کەسێکی دیارو ئاشکرا و زانراو بەکاردێن، فۆرمەکانی جێناوی دیار بریتین لە (هەموو، گشت، هەر، تەواو)، هەندێ جار ئەم فۆرمانە لەگەڵ کەرەستەی تردا دێن، واتە ( هەموو کەسێك، هەموو شتێك، هەر کەسێك،...).**

**هەموویان ئامادەبوون.                گشتیان دەرچوون.**

**هەشتەم/ جێناوی نادیار: ئەو جێناوانە دەگرێتەوە، کە لە بری ناوی کەسێك یا گیانداریێك یا هەر شتێکی تر بەکار دەهێنرێت، بەڵام ئەم ناوە بەئاشکرایی دیار نییە کە کێیەو چییە، بە واتایەکی تر بەو جێناوانە دەوترێت کە لە شوێنی کەسێك یان شتێکی نادیار دێن. فۆرمەکانی جێناوی نادیاریش بریتین لە (فلان، فیسار، کابرا، هین، کەسێك، شتێك، یەکێ، یەکێك ...هتد) وەکو.**

**فلان کارەکەی ئەنجامدا.        ئەمڕۆ یەکێك خۆی کوشت .**

**جێناوی نادیار                               جێناوی نادیار**

**نۆیەم/جێناوی نەرێنی (نەڤ):** بەو جێناوانە دەوترێت کە نەرێنی کەسێك یان شتێك ڕادەگەیەنن، فۆرمی نەرێنی لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا پێکدێت لە (چ – هیچ)، ئەگەرچی هەندێ جار ئەم جێناوە بە تەنیا نایەت، بەڵکو لەگەڵ کەرەستەیەکی تر دێت، وەك (کەس، کەسێ، کەسێك، شت، شتێ، شتێك، یەك، یەکێ، یەکێك)، وەکو:-

**هیچ کەس نەهاتووە.**

**جێناوی نەرێنی**

**چ شتێکم نەبینیووە.**

**جێناوی نەرێنی**

## جێناو لە ڕووی ئەرکەوە

بەشە ئاخاوتنی جێناو دەتوانێ لە ڕستەدا ئەرك ببینێت، واتە ببێتە (بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، نیهاد، گوزارە، تەواوکەری ناو، تەواوکەری کاری ناتەواو...).

١- ئەرکی بکەر:    من نان دەخۆم.  هی کێ سوتا.  خۆم ئەیبینم.

٢-ئەرکی بەرکار :     من ئەوم بینی.  خۆیان ئەدوێنم.

٣-ئەرکی تەواوکەری ناڕاستەوخۆ:    بەتۆ دەڵێم.

٤-ئەرکی نیهاد:     خۆی جوانە.   چەندە جوانە.

٥-ئەرکی گوزارە:      نامەکە هی ئەمانەیە.

٦-تەواوکەری کاری ناتەواو :قەلەمەکە هی <u>تۆ</u>بوو.  هی <u>خۆی</u> بوو

٧-تەواوکەری ناو :      ئازادی <u>من</u> پاڵەوانە.

## ئاوەڵناو

ئاوەڵناو: بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە وەسفی ناوێك یاخود جێناوێك دەکات، واتای چۆنیەتی و خاسیەت ڕادەگەیەنێت، کە بەهۆیەوە دەبێتە تەواوکەری ناوێك یان جێناوێك یان ئاوەڵناوێکی تر یان تەواوکەری کارێکی ناتەواو.

- ئاوەڵناو پەیوەستە بە ناو و جێناوەوە، واتە دۆست و هاوڕێی ناو و جێناوە لە ڕستەدا.
- **ئاوەڵناو لە ڕووی واتاوە**
- **١- ئاوەڵناوی چۆنیەتی**
- **٢- ئاوەڵناوی نیشانە**
- **٣- ئاوەڵناوی نسبی**
- **٤- ئاوەڵناوی نادیار**

**یەکەم / ئاوەڵناوی چۆنیەتی:** بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت کە چۆنیەتی خاسیەت و نیشانە دەگەیەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوەڵناوی چۆنیەتی هەمەجۆرە، لەوانە واتای ڕەنگ نیشان دەدات ( زەرد، شین سوور، سپی...)، چەمکی دەوروبەر ڕادەگەیەنێ (ڕاست، چەپ...)، یاخود سیفەت نیشان دەدات (ڕەزیل، ڕووخۆش...)، یاخود شێوە دەردەبڕێ (قەڵەو، پان، بەرین، لاواز....ز) یان خاسیەت ڕادەگەیەنێت وەکو(ترش، سوێر، گەرم،قورس ، پتەو).

- لە بابەتی ئاوەڵناودا بە گشتی و ئاوەڵناوی چۆنیەتی بەتایبەتی ، ئامرازی دانەپاڵی (ی) و هەندێ جار ئامرازی دانەپاڵی (ە) ڕۆڵێکی دیار دەبینن لە خستنەپاڵی ناوێك یا جێناوێك لەگەڵ ئاوەڵناوێك، وەکو

- **منداڵە جوانەکە      منداڵی جوان .**
- **هەناری شیرین .   هەنارە شیرنەکە.**
- **منداڵی جوان خۆشەویستە.**
- **پێشمەرگە ئازاکە  هات.**

- قوتابی زیرەك ژیرە .
- قوتابی: ناو

ی : ئامرازی دانەپاڵ

- زیرەك: ئاوەڵناوی چۆنیەتی
- ژیر: ئاوەڵناوی چۆنیەتی
- **ە : كاری ناتەواو**
- ئامرازی خستنەسەری (ی)     منداڵی جوان
- ئامرازی خستنەسەری (ە)     منداڵە جوانەكە .
- منداڵی جوانی باشی ژیری چاك.
- هەنارە ترشە شیرنە باشەكە .

- **دووەم / ئاوەڵناوی نیشانە:** بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت كە دەستنیشانی ناوی كەسێك یان شتێك لە ڕستەدا دەكەن. ئاوەڵناوەكانی نیشانە هەمیشە دەبنە دوو پارچە، پارچەیەكیان دەكەوێتە پێش ناوەكە و پارچەكەی تریان دەكەوێتە دوای ناوەكە، ئەم دوو پارچەیە دەبنە دیارخەر بۆ ناوەكە، هەر بۆیەشە هەر ناوێك بە ئاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان بكرێت، ئەوا دەبێتە ناوێكی ناسراو، ئاوەڵناوی نیشانە لە زاری كرمانجی ناوەڕاستدا بریتین

| | |
|---|---|
| ئەم..... ە | بۆ تاكی نێر و مێی نزیك بەكاردێ. |
| ئەو..... ە | بۆ تاكی نێر و مێی دوور بەكاردێ. |
| ئەم ....انە | بۆ كۆی نێر و مێی نزیك بەكاردێ. |
| ئەو.....انە | بۆ كۆی نێر و مێی دوور بەكاردێ. |

- نموونە بۆ ئاوەڵناوی نیشانە:

**ئەم كوڕە زیرەكە.**

**ئەو کچە جوانە.**

| جێناوی نیشانە | ئاوەڵناوی نیشانە |
|---|---|
| ١- جۆرێکە لە جۆرەکانی جێناو لە ڕووی واتاوە .<br>٢-هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێ (بکەر ، بەرکاری ڕاستەوخۆ،بەرکاری ناڕاستەوخۆ،نیهاد،گوزارە....).<br>٣- هەمیشە لە جێی ناو دێ.<br>٤- لە ناو ڕستەدا لە شێوەی یەك پارچە دێ. | ١- جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتاوە .<br>٢- تەنیا ئەرکی دیارخەری دەبینێ.<br>٣- هەمیشە لەگەڵ ناو دێ،بە هۆیەوە ناوەکەش دەبێتە ناوێکی ناسراو .<br>٤- لە ناو ڕستەدا ئاوەڵناوی نیشانە دەبێتە دووپارچە، پارچەیەکیان دەکەوێتەپێش ناو و پارچەکەی تریان دەکەوێتە دوای ناوەکە. |

- **سێیەم /ئاوەڵناوی نسبی: بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە واتاکەیان بەستراوەتەوە بە وشەیەکی ترەوە، واتە ڕاستەوخۆ مەبەستەکە دیاری ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندی بە وشەیەکی ترەوە واتاکەی دەردەکەوێت.**
- **جیاوازی ئاوەڵناوی نسبی لەگەڵ ئاوەڵناوی چۆنیەتی لەوەدایە، کە هەموو ئاوەڵناوێکی نسبی داڕژاون ،واتە ناسادەن، بەڵام ئاوەڵناوی چۆنیەتی زۆربەیان لە جۆری سادەدان.**
- **ئەو پاشگرانەی کە بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی نسبی لە زمانی کوردیدا بەکاردێن، بریتین لە: (ی، ین، انە، ەکی)**

- (ی): کرمانجی، عێراقی، هەولێری... هتد.
- (ین): بەردین، زێڕین... هتد.
- (انە): پیاوانە، ژنانە... هتد.
- (ەکی): دەشتەکی، خێڵەکی،...هتد.

**چوارەم/ ئاوەڵناوی نادیار:** بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت کە ڕاستەوخۆ دەلالەت لە شتێکی دیاریکراو ناکەن، بەڵکو واتاکەی بەستراوەتەوە بە چوارچێوەیەکی  دیاریکراوەوە.

- لە زمانی کوردیدا دوو جۆر ئاوەڵناوی نادیارمان هەیە

- **١. ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە:** ئەو کەرەسانەی کە بۆ ئاوەڵناوی جیاکەرەوە بەکاردێن، بریتین لە( دی، دیکە، تر، کە) ،هەندێ جار ئەو ئاوەڵناوانە (ئی، یەك) لەگەڵیان دێت، ئەم ئاوەڵناوانە دەتوانن لەڕستەدا لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن.

- ئی + دی = ئیدی
- ئی + دیکە = ئیدیکە
- یەك + دیکە = یەکدیکە
- لەگەڵ پیاوی دی کار دەکەم.
- پێویستم بە کەسی دیکە نییە.

- **٢. ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردن:** ئەو کەرەسانەی کە بۆ ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردن بە کاردێن، بریتین لە (وا، ئاوا، وەها، ئاوها، ئەوها ......) .

- ـ پیاوێکی وام بینی، کە هەر وەسفی ناکرێت.
- ـ نازدار کچێکی ئاوایە.

## ئاوەڵناو لە ڕووی پلەوە

- پلەی چەسپاو
- پلەی بەراورد
- پلەی باڵا

- **یەکەم/ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو:** ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە کە بەراورد لە نێوان هیچ کەس و شتێك ناکەن، بەڵکو تەنیا پلەی نەگۆڕ و چەسپاوی ناوەکە یاخود جێناوەکە دەخاتە ڕوو، واتە تەنیا وەسفی ناوەکە یاخود جێناوەکە دەکات و، دەبێتە تەواوکەری ناو یان جێناو یان کاری ناتەواو، وەکو (باش، خراپ، جوان، زیرەك، ئازا، خێرا، ....).

- **ڕزگار زیرەکە.**
- **سۆزان جوانە.**
- **سۆران ئازایە.**

- **دووەم/ ئاوەڵناوی پلەی بەراورد:** ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە کە بەراورد لە نێوان دوو کەس یان دوو شت دەکەن، بە جۆرێك یەکێکیان بە باشتر و چاکتر دادەنێ لە ئەویتریان، یاساکەی بەم شێوەیە:

- **چەسپاو + تر = ئاوەڵناوی پلەی بەراورد**
- باش + تر = باشتر
- چاك + تر = چاکتر
- زیرەك + تر = زیرەکتر

- **سێیەم/ئاوەڵناوی پلەی باڵا:** ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە، کە بەراورد لە نێوان کەسێك لەگەڵ کۆمەڵە کەسێك یان شتێك لەگەڵ کۆمەڵە شتێك دەکەن.

- ١- ئاوەڵناوی چەسپاو + ترین = ئاوەڵناوی پلەی باڵا

- باش + ترین = باشترین

- چاك + ترین = چاكترین

- **٢-لە هەموو، لە گشت، لە تێكڕا + بەراورد = ئاوەڵناوی پلەی باڵا**

- **ئاواز لە هەموو كچەكان جوانترە.**

- **٣- هەرە + ئاوەڵناوی چەسپاو = ئاوەڵناوی پلەی باڵا**

- **كامەران قوتابی هەرە زیرەكی پۆلەكەیەتی.**

## ئاوڵناو لە ڕووی پێكهاتنەوە :

ئاوڵناو لە ڕووی پێكهاتنەوە پێكدێت لە :

١- ئاوەڵناوە سادە : بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت كە لە یەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێك دێن، وەكو : ( جوان ، پاك ، زیرەك ، سوور ) هتد ....

٢- ئاوڵناوی دارڕاو : بە ئاوڵناوانە دەوترێت كە لە وشەیەكی سادە و پێشگرێك، یا خود پاشگرێك پێكدێت . بەهێز ، پیاوانە ، نەرمۆلە

٣- ئاوڵناوی لێكدراو : بە ئاوەڵناوانە دەوترێت كە لە وشەیەك یا زیاتر پێك دێت .   بەژن چنار ، ڕوو خوش

## ئاوەڵناو لە ڕووی ئەركەوە

ئاوەڵناو دەتوانێ لە ڕستەدا ئەرك ببینێت، بەڵام ناتوانێ هەموو ئەركێك لە ڕستەدا ببینێت، چونكە ئەركەكانی دیاریكراوە، كە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**١- ئاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو،وەكو:**

ئەم ........ە   دیارخەر

**ئەم گوڵە بكرە.**

ئەم ......ە    دیارخەر

۲- دەبێتە تەواوکەر و دیارخەری جێناو، وەکو:

ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون.

۳- دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو ،وەکو:

ڕزگار زیرەکە.

ژوورەکە پاکە.

٤- دەبێتە دیارخەری ئاوەڵناوی تر،وەکو:

کچێکی باڵابەرزی چاوشین هات.

## تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو

بۆ ئەوەی وشەیەك بەئاوەڵناو دانرێت، پێویستە ئەم سێ تایبەتمەندییەی خوارەوەی تێدا بێت:

۱- لەرووی واتاوە ئاوەڵناوبێت، بەو مانایەی وەسفی شتێك بکات.

۲- لەرووی ئەرکەوە  ئاوەڵناو بێت.

-ببێ بەدیارخەر  وەکو (پیاوێکی ئازا)

- -بەهۆی ئاوەڵکاری رادده وە پلەی راددەکەی دیاری دەکرێت وەکو (منداڵێکی زۆر جوان بوو )

۳ -لەپلەی باڵا پێش ناوەکە دەکەوێت( لەبەرزترین شاخ دا....)

# كار

- **چەمك و پێناسەی كار**

بەشێكە لە بەشەكانی ئاخاوتن، كە ڕوودان و كاتی تێدایە، مەبەست لە ڕوودانەكە ، ئەوەیە كە شتێك ڕوویدابێ یان ئەنجام درابێ، مەبەستیش لە كات ئەوا كاتی ڕانەبردوو و ڕابردوو دەگرێتەوە.

## كار لە ڕووی كات و ڕێژەوە :

### أ - كاری ڕابردووی ڕاگەیاندن :

ئەو كارەیە، كە ڕوودانەكەی دەكەوێتە پێش ئاخاوتنەوە، واتا ڕوودانی كارەكە بەسەر چووە و ڕوویداوە لە زمانی كوردیدا بۆ سازكردنی كاری ڕابردوو، پەنادەبرێتە بەر چاوگ، ئەمیش بەلابردنی (ن)ی چاوگ ساز دەبێت لە زمانی كوردیدا كاری ڕابردوو بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروست دەكرێت ، لەم حاڵەتەشدا كاری ڕابردووی نزیك دروست دەبێت، كە بە یەكێك لەم پێنج مۆرفێمە( وو، ی، د، ا، ت) كۆتاییان دێت:

**جۆرەكانی كاری ڕابردوو**

- **١. ڕابردووی نزیكی :** ئەو كارەیە، كە دەلالەت لەسەر ڕوودانی كارێك لە ڕابردووی نزیكدا دەكات
- چاوگ – ن = ڕابردووی نزیك
- چوون – ن = چوو ٠ سووتان – ن = سووتا ٠
- مردن – ن = مرد ٠ كەوتن – ن = كەوت
- بردن – ن = برد ٠
- **٢- ڕابردووی بەردەوامی:** ئەو كارەیە، كە دەلالەت لەسەر ڕوودان و بەردەوامی كارێك لەكاتی ڕابردوودا دەكات
- دە + ڕابردووی نزیك = ڕابردووی بەردەوام
- دەخوێند، دەفرۆشت

- **٣. ڕابردووی دوور:** ئەو كارەیە، كە دەلالەت لەسەر ڕوودانی كارێك لە ڕابردووی دووردا دەكات
- ڕابردووی نزیك + بوو = ڕابردووی دوور
- خوێندبوو، نوستبوو

- **٤. ڕابردووی تەواو:** ئەو کارەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێك لە ڕابردوویەکی نەزۆر دوور و نەزۆر نزیکدا دەکات
- ڕابردووی نزیك + ( وە / یە ) = ڕابردووی تەواو
- ئەگەر کاری ڕابردووی نزیك، کۆتایی بە مۆرفیمەکانی (ت، د) هاتبێ، ئەوا بۆ کاری ڕابردووی تەواو، مۆرفیمەکانی (ووە / ییە) وەردەگرێت، بەڵام جۆرەکانی تر مۆرفیمی (وە / یە) وەردەگرن. کەوت + ووە / ییە = کەوتووە، کەوتییە
- سووتا + وە / یە = سووتاوە، سووتایە

**ب- کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن**

- ئەو کارەیە، کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە دوای ئاخاوتن، واتا کارەکە ڕووی نەداوە، یان ئێستا ڕوودەدات یان لە داهاتوودا . لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی کاری ڕانەبوردوو، پەنا دەبرێتە بەر (ڕەگی ڕانەبوردوو) و، مۆرفێمی ئەرێی ڕانەبردووش دەکەوێتە پێش ڕەگەکە و جێناوی لکاویش بە کارەکەوە دەنووسێت، واتا یاساکەی بەم شێوەیە :
- مۆرفێمی ئەرێ (دە) + ڕەگی ڕانەبوردوو + جێناوی لکاو.
- خواردن ← دە + خۆ + م =دەخۆم

بۆ جیاکردنەوەی کاری ڕانەبوردووی (ئێستا و داهاتوو) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، ئەوە بە هۆی ئاوەڵکارە کاتییەکان جودا دەکرێنەوە لە کرمانجیی خوارووودا بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئێستا و ئاینده هیچ نیشانەیێکی وشەسازی نییە، جیاکردنەوەیان بە یارمەتی هەندێك وشە بە تایبەتی ئاوەڵکردارەوە مەبەست دەردەبڕن، بە جۆرێك بۆ کاتی ئێستا (وا، ئێستا) بەکاردێت و، بۆ کاتی داهاتووش (بەیانی،هەفتەی داهاتوو، مانگێکی تر ، هەفتەیەکی .....هتد) بەکاردێت.

**ج-کاری ڕابردووی دانانی**

**لەم ڕێژەیەدا ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵەی کە دەدرێتە پاڵ کەسێك یان شتێك نادرێ بە دەستەوە ، بەڵکو لە شێوەی (گومان ، ئارەزوو ، ئاوات ،...) مەبەستەکە دەردەکەوێت.لە گەل ئەم شێوازەدا وشەکانی (خۆزگە، دەبوو، دەبێت، بریا ...)بە کاردێت.**

**أ. ڕابردووی نزیکی دانانی (هاتبا ، خواردبا)**

**ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + با**

**ب. ڕابردووی تەواوی دانانی (هاتبێت، کەوتبێت)**

**ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بێت**

ح. ڕابردووی دووری دانانی

ڕابردووی دووری ڕاگەیاند + با

کەوتبووبا هێنابووبا

د- کاری رانەبردووی دانانی

ب + ڕەگی کار + جێناوەکان

، بخۆم ، بچێت

ه- کاری فەرماندان

مەبەست لە فەرماندان ئەوەیە، کە کەسی یەکەم (قسەکەر) داوا لە کەسی دووەم (تاك، کۆ) واتە(گوێگر) دەکات، بۆ ئەنجامدانی کارێك.

ب + ڕەگی ڕانەبردوو+ جێناوی کەسی دووەم (ە، ن)

بخوێنە، بخوێنن

بشۆ ، بشۆن

دابگرە ——— داگرە

سەربکەوە ——— سەرکەوە

**كار لەرووی تەواوییەوە**

- **کار لە ڕووی تەواوییەوە بەسەر کاری تەواو و کاری ناتەواو دابەش دەکرێت، کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە بەراوردیان بکەین :**

| **کاری تەواو** | **کاری ناتەواو** |
|---|---|
| ١ـ کات و ڕوودانی تێدایە .<br>٢- کـارە تـەواوەکان لـە زمـانی کـوردی بـریتین لـە ڕابـردوو، ڕانەبوردوو و فەرماندان<br>٣ـ کارە تەواوەکان ژمارەیان زۆرە.<br>٤ـ ئەگەر کاری تەواو لـە ڕسـتەدا هـەبێت، ئـەوا چـەمکی بکـەر و بـەرکاری ڕاسـتەوخۆ یـاخود تـەنیا بکـەر لـە ڕسـتەکەدا بـوونی دەبێت. | ١ـ تەنیا کاتی تێدایە.<br>٢- کارە ناتەواوەکان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەگرنەخۆ.<br>٣ـ کـارە ناتـەوەکان ژمارەیـان دیـاریکراوە، چـونکە لـە چـاوگی ((بـوون)) وەرگیراون<br>٤ـ ئەگەر کاری ناتەواو لە ڕستەدا هەبێت ئەوا چەمکی نیهاد و گوزارە لە ڕستەکەدا بوونی دەبێت. |

## کار لە ڕووی (ئەریٚ و نەریٚ)وە

- **ئەریٚ:** کردەیەکی ڕیزمانییە، جێبەجێ کردنی کاری ڕستەکە دەگەیەنێ.
- **نەریٚ:** کردەیەکی ڕیزمانییە، جێبەجێ نەکردنی کاری ڕستە و بەرپەرچدانەوەی بەشێکی ڕستە یان هەموو ڕستەکە دەگەیەنێ.

**بەم شێوانەی خوارەوە کاری ڕستە لە کوردیدا دەکریٚ بە نەریٚ:**

**١- رابردووی ڕاگەیاندن بە مۆرفیمی (نە) نەریٚ دەکریٚ، وەك :**

هات ———— نەهات

دەهات ——— نەدەهات

هاتووە ——— نەهاتووە

هاتبوو ——— نەهاتبوو

**٢- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، بە مۆرفیمی (نا) نەریٚ دەکریٚ، وەك:**

دەخۆم ——— ناخۆم

**٣- (رابردوو، رانەبردوو)ی دانانی بە مۆرفیمی(نە) نەریٚ دەکریٚ، وەك :**

خوێندبا ————نەخوێندبا

بخوێنم ————نەخوێنم

**٤- کاری فەرماندان بە مۆرفیمی (مە) نەریٚ دەکریٚ، جاریش (نە، نا) بە کاردیٚ وەك :**

بڕۆ ———— مەڕۆ ، نەڕۆی، ناڕۆی

بخۆ ———— مەخۆ، نەخۆی، ناخۆی.

## کار لە ڕووی هێزەوە

**أ-کاری تێپەڕ**

ب-کاری تێنەپەڕ

**أ-کاری تێپەڕ:** کاری تێپەڕ ئەو کارەیە،کە کاریگەریی هێزەکەی لە بکەرەوە تێدەپەڕێت بۆ سەر کەرەستەیەکی تر، ئەویش بەرکاری ڕاستەوخۆیە(بەرکار=بەرکاری راستەوخۆ)، واتە کاری تێپەڕ بەرکار وەردەگرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم نموونەیە بکەین :

- گۆران      سێوەکەی      خوارد.

بکەر      بەرکار      کاری تێ پەڕ

**ب- کاری تێنەپەڕ:** کاری تێنەپەڕ ئەو کارەیە، کە کاریگەری هێزەکەی لە بکەرەوە تێ ناپەڕێت بۆ سەر بەشێکی تر، بەو واتایەی ناچێتە سەر بەرکاری ڕاستەوخۆ، واتا خاڵی جیاکردنەوەی تێنەپەڕ لە تێپەڕ، بەرکارە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەیری ئەم نموونەیە بکەین :

ڕزگار      ڕۆیشت .

بکەر      کاری تێنەپەڕ

## گۆرینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەر

**زوربەی  کارە تێنەپەرەکان  بە هۆی پاشگری ( اندن)ەوە، دەبنە کاری تێپەڕ**

**(ڕەگی رابردوو +اندن)=چاوگی تێپەر،شکان     شکا+اندن        شکاندن**

**خنکان        خنکا+اندن     خنکاندن**

**(ڕەگی ڕانەبردوو+اند ن)=چاوگی تێپەر،  خەوتن          خەو+اند ن     خەواندن**

- **(دەنگی سروشتی+اندن)=چاوگی تێنەپەڕ     ناڵە+اندن        ناڵاندن**
- **بارە+اندن          باراندن**

**(کاری یاریدەری(هێنایە)+چاوگی تێنەپەڕ)=چاوگی تێپەڕ**

**هێنایە باراندن**

## ئاوەڵکار

- بەشێکە لەبەشەکانی ئاخاوتن ، وشەیەکە وسفی کارەکە دەکات لەرستەدا لەباری کات و شوێن وچۆنیەتی وچەندێتی ...هتد ، ڕودانی کارەکە.
- **ئاوەڵکار لە ڕووی واتاوە**

**یەکەم/ ئاوەڵکاری کاتی:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێ ، کە کاتی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دەکات. ئاوەڵکارە کاتییەکانیش لە زمانی کوردیدا بریتین لە ( وا، ئێستا، بەیانی، سبەینێ، هەفتەیەکی تر، ساڵێکی تر، دوایی، دواتر، لە پاشان، مانگێکی تر ....... هتد )

- دوایی دەچم بۆ ئاهەنگەکە.
- ئێستا دەچم بۆ زانکۆ.

**دووەم / ئاوەڵکاری شوێنی:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە شوێنی ڕوودانی کارەکە دەست نیشان دەکەن، ئاوەڵکارە شوێنییەکانیش لە زمانی کوردیدا بریتین لە ( سەر، ژێر، ڕاست، چەپ، لەسەرەوە، لە خوارەوە، لە ژێرەوە، لا، ....... هتد ).

- شیلان لە ژێر دارەکە خەوتووە.
- شێرزاد لە سەرەوە دانیشتووە.

هەندێجار پێشبەند لەگەڵ ناوەکەی دوای خۆی کە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەخۆیە ،بە یەکەوە دەبنە ئاوەڵکاری شوێنی ، چونکە ئاڕاستەی شوێنی دەگەیەنن، وەکو:

**فرۆکەکە بە ئاسماندا دەسوڕێتەوە .**

پێشبەند بەرکاری ناڕاستەخۆ ( بە ئاسماندا ) ئاوەڵکاری شوێنی

**سێیەم/ ئاوەڵکاری چۆنیەتی:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دەکەن، ئاوەڵکاری چۆنیەتیش لە زمانی کوردیدا بریتین لە ( جوان، خراپ، خێرا، چاك، باش ....هتد ) .

ئاوەڵکارە چۆنیەتییەکان لە بنەچەدا ئاوەڵناوی چۆنیەتین، لە حاڵەتێکدا دەبنە ئاوەڵکاری چۆنیەتی ئەگەر لە ڕستەدا وەسفی کار بکەن، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەون :ـ

- جوان کچێکی قەشەنگە. ......................... (ناو)
- ڕێزان جوانە. .........................(ئاوەڵناوی چۆنیەتی)
- سۆزان جوان دەڕوات. ................. (ئاوەڵکاری چۆنیەتی)

**چوارەم/ئاوەڵکاری چەندێتی:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە چەندێتی ڕوودانی کاری ناو ڕستە دەستنیشان دەکەن. ئەو وشانەی بۆ مەبەستی ئاوەڵکاری چەندێتی بەکاردێن بریتین لە: (زۆر، کەم، کەمێك، تۆزێك، گەلێك، گەلێ...).وەکو :

- سۆلاڤ زۆر خێرا هات.

زۆرجار وشەکانی (زۆر ،کەمێك.......)لەگەڵ ئاوەڵکاری تر دێن،لەم حاڵەتەشدا جگە لەوەی وشەکە دەبێتە ئاوەڵکاری چەندێتی ، لەهەمان کاتیشدا پێی دەوترێ ڕادەی ئاوەڵکاری،وەکو:

- بەناز زۆر جوان دەڕوات .
- ڕادەی ئاوەڵکاری ئاوەڵکاری چۆنیەتی
- هەمان وشە کاتێ لەگەڵ ئاوەڵناو دێت ، دەبێتە ڕادەی ئاوەڵناوی،وەکو:
- بەناز زۆر جوانە .
- ڕادەی ئاوەڵناوی ئاوەڵناوی چۆنیەتی

**پێنجەم/ ئاوەڵکاری نەرێنی (نەفی) :** ئەو ئاوەڵکارەیە کە نەرێنی کارەکە دەستنیشان دەکات.

- ئەو وشانەی بۆ مەبەستی ئاوەڵکاری نەرێنی بەکاردێن بریتین لە ( هەرگیز، بەهیچ شێوەیەك، بەهیچ ڕەنگێك...)
- هەرگیز ناچمە ئاهەنگەکە.
- بەهیچ شێوەیەك کارناکەین.

**شەشەم / ئاوەڵکاری جەختکردن(دڵنیایی):** بەئاوەڵکارانە دەوترێت ،کە جەخت لەسەر ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی کارەکە دەکات. ئەو ئاوەڵکارانەی، کە بۆ مەبەست جەختکردن بەکاردێن، بریتین لە (هەر، هەڵبەت، بێگومان، بێشك،....).

- هەردەچم بۆ ئەو ماڵە.
- هەڵبەت کارەکە ناکەین.
- بێگومان لە شەڕەکە سەردەکەوین.

**حەوتەم/ ئاوەڵکاری دووبارەکردنەوە:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە دووبارەکردنەوە و دووپاتکردنەوەی کارێك ڕادەگەیەنن.ئەو وشانەی کە بۆ مەبەستی ئاوەڵکاری دووپاتکردنەوە بەکاردێن بریتین لە (دووبارە، دیسان، سەرلەنوێ، جارێکی دی، جارێکی تر ....) .

- دیسان وانەکە دەستی پێکرد.

- دووبارە دەچینەوە گەشتەکە.
- سەرلەنوێ بەهار هاتەوە.

- **هەشتەم /ئاوەڵکاری هۆ و مەبەست:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە هۆی ڕوودانی کارێك لەگەڵ مەبەست لە جێبەجێ کردنی کارێك دەخەنە ڕوو.ئەو وشانەی کە بۆ مەبەستی ئاوەڵکاری هۆ و مەبەست بەکاردێن، بریتین لە (لەبەرئەوە، لەبەرئەوەی، چونکە، لەبرسا، لەترسا، بەخۆڕایی، بەئەنقەست.....) .
- منداڵەکە لەبرسا مرد.
- پیرەمێردەکە لەداخا مرد.

**نۆیەم /ئاوەڵکاری ڕێکخستن:** بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە شێوە و جۆری جێبەجێ کردنی کارەکە دەخاتەڕوو.ئەو وشانەی کە بۆ مەبەستی ئاوەڵکاری ڕێکخستن بەکاردێن، بریتین لە ( تاقم تاقم، کەم کەم، دەستە دەستە ، پول پول.....هتد ) .

- ئێمە لە ماڵەوە بەگشتی کاردەکەین.
- قوتابییەکان پۆل پۆل هاتنە ژوورەوە.

## ئاوەڵکار لەرووی ئەرکەوە

**یەکەم / ئاوەڵکار دەبێتە تەواوکەری کار،** جا کارەکە ڕابوردوو بێ یا ڕانەبوردوو یا فەرماندن ...

- ڕێباز خێرا ڕۆیشت

کاری ڕابوردوو ئاوەڵکاری چۆنیەتی

تەواوکەری کاری ڕابوردوو

. - ریباز خێرا دەروات

. ریباز خێرا برۆ

**دووەم / ئاوەڵکار دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵکارێکی تر** یا چەند ئاوەڵکارێکی تر...و بەیەکەوە فریزی ئاوەڵکاری ساز دەکەن.وەکو:

- - سۆران زۆر خێرا ڕۆیشت.

**سێیەم / ئاوەڵکار دەبێتە نیهاد، ئەگەر هاتوو کاری (ڕابوردوو، ڕانەبوردوو، فەرماندان) لە نێو ڕستەدا نەبوو... واتە کاری ناتەواو لە ڕستەدا هەبێت...**

**دوێنێ هەینی بوو.**

- **چوارەم /ئاوەڵکار دەبێتە گوزارە، دیسانەکە گەر هاتوو کاری ناتەواو لە ڕستەدا هەبوو.....**

**- ئازاد گەلێک درەنگە ـــــ (ە) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا**